# چارەسەری کومەلگای کوردستان

# مودیلی لیکولینەوە بو دراسە ئەکادیمیەکان

**ئاسۆ حامدی**
**نۆڤیمبەری 2005**

هەموو باسیکی ئەکادیمی مەبەستیکی هەیە، ئەم مەبەستە گرفتیکی کومەلایەتی، سیاسی ، فەرهەنگی ژینگەیی چارەسەر دەکات یان دەخاتە روو چارەیەک بو گرفتەکە دیاری دەکات.

( هەموو ئەوانەی خەریکی نوسینن دەبی بزانن و یان بیر لە ئامانجەکانیان بکەنەوە، بە نموونە من بەرنامەیەکم لە تەواوی نووسینەکانم دا هەیە دەمەوێ بە هەمەلایەنە چارەسەری کۆمەلگای کوردستان بکەم)..

بۆ هەر باسیکی ئەکادیمی چەند جۆرە مۆدیلی هەیە بۆ لێکولینەوە کە ئەمەش خۆی لە هیلکاری دیاریکراو دەبینیّ..لە هەموو ئەمانەدا یەک رووی هاوبەش هەیە ئەویش سەنتەری لیکولینەوەو تۆژینەوەیە..مۆدیلەکان بەنموونە بریتین لە مۆدیلی لیکۆلینەوەی کۆمەلایەتی و زانستەکانی تر..

لە هەموو مۆدیلەکاندا چەند جۆریّ لە هیلکاری دیاریکراو هەیە..بەلام دەکریّ هاوبەشیەک لە هەموویاندا بکریت..

لە خوارەوە جۆریّ لە هیلکاری گشتی لە گشت مۆدیلەکان باس دەکەین. بەنموونە:




سەرەتای هەموو لیکۆلینەوەیەک دەبی وەزعی گشتی و شیوەی گشتی بۆ گشت رۆشن بیّ، میژوو گرفتەکان، چۆن و کەی بۆ پەیدابوون.. هتد. هتد.

دوای ئەوەی سەرخەتی گشتی باسەکان ڕۆشەن بوون ئەوا دەبیّ بۆ چەند پرسیارێکی گشتی و سەرەکی بچین چۆن دەگەینە چارەسەرەکان. چ هەنگاویکی لیکۆلینەوە پێویستن..

بەنموونە نوسەریّ دەیەویّ باسیّ لە سەر رزگاری گەلی کوردستان بنوسیّ لە پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان. یان نوسەریّ دەیەویّ باس لە رزگاری چینی کریکار بکات لە تەواوی

دونیا.. یان باس لە گەندەلی ئیداری لە کوردستان و عیراق دابکات، یان باس لە گرفتەکانی چەپ لە کوردستان بکات، یان باس لە دروست بوونی فدراسیونی سەراسەری کوردستان بکات.. هتد هتد.
هەموویان پێویستیان بە لیکۆلینەوەی زانستی و ئەکادیمی هەیە.ئەم دراسانە دەبێ پشت بە سەرچاوەو نووسینی زانستی ببەستن.نەک نوسینی ریکلامی سیاسی و تەشهیری شەخسی و قسەی بێ مانا..(لیرە دەمەوێ دوو ووشە بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر بنوسم ئەگەرچی دوو دکتۆرای هەیە خۆی ووتەنی بەلام نووسینەکانی کە لەسەری وونکراوە هیچ بنەمایەکی ئەکادیمی و زانستی پیوە دیار نیە، لە هەمان کات مەحکومە کە شوون بزر کراوە..
د. کەمال با باسی ئەکادیمیانەی 31 ئابی 1996 بکردایە..یان باسی گرتنەوەی کوردستانی ئیران لە سەرەتای هەشتاکان بۆ جمهوری ئیسلامی ئیران بکردایە هتد. هتد. نەک ئەم جۆرە نوسیانە کە خزمەت بە هیچ ناکات.تەنانەت خزمەت بە خۆشی ناکات. ) دراسەی ئەکادیمی لە مانە لە هەموویان بێ بەریە جا نوسەرەکەی هەر بیروباوەڕیکی هەبێ. نوسەران دەبێ بە ئامانجەی دیاریکراو و بەبەرنامە دەست بۆ نوسین ببەن، دەبێ داهێنان بیێتە سوونەتی نوسین و لیکۆلینەوەکان. ئەگەرچی داهینان هەروا ئاسان نیە، بەلام دەبێ گشت لە بیری گشت دابێ بۆ گەشەدان بە چۆنایەتیەکانی کۆمەلگا..
دوا سەرخەتی گشتی و دیاری کردنی پرسیاری سەرەکی بۆ باسەکە کە گرفتیکی کۆمەلایەتی یان سیاسی، ئەوا دەبێ دانە دانە لە ووشەکانی پێناسە بکرێت ..بە نموونە ئەگەر پرسیاری سەرکیمان ئەوەبێ چۆن گەلی کوردستان رزگاری دەبێ؟ ئەوا دەبێ بزانین گەل چیە؟ یان کوردستان مەبەست چیە ..یان رزگاری چۆنە و چیە؟؟
دوای ئەم هەموو پێناسانە نوسەر دەچیتە سەر پرسیارە لاوەکیەکان..
بەنموونە هەلویستی رابەرانی ناسیونالیزمی کورد بەرامبەر بە بزوتنەوەی رزگای گەلی کوردستان... هتد هتد .
ئەمانە و دەیان پرسیاری تر کەخزمەت بە وەلامی پرسیارە سەرەکیەکان بداتەوە..
دوای دەبێ بۆ هەموو دراسیەیەک دەبێ بەراوردکردن و هەلسەنگاندن هەبێ، ئەمە یارمەتی دەرە بۆ گەیشتن بە وەلامی پرسیارە سەرەکیەکە..
بۆ هەلسەنگاندن و بەراورد کردن دەبێ نوسەر زۆر بیر لە باسەکەی بکاتەوە.. چۆن بەراورد دەکات و لیستی هەلسەنگاندن دەکات..
دەیان جۆر لە هەلسەنگاندن و بەراورد کردن هەیە.. بەنموونە هیزە ناسیونالیستەکان لەگەل هیزە کۆمۆنیستەکان بۆ مەسەلەی ناسیونالیستی یان بەراوردی هیزە جیاجیاکانی ناسیونالیزم بەنموونە پارتی زۆرتر خیانەتی لە گەلی کورد کردوو یان یەکێتی یان دلسۆزی هەردووکیان بۆ مەسەلەی ناسیونالیزمی کورد.. هتد هتد.
هەلسەنگاندن مەسەلەیەکی نسبیە، هەر نوسەرێ بە جۆرێ کاری بۆ دەکات..
لە هەموو کاتێ دەبێ دراسەکە هاویەکی و تەبایی تیا بمێنی و لەسەر یەک خەت بێ..نوسەر دەبێ راستگۆ لەگەل واقع دا مامەلە بکات خراپ و چاک بخاتە ڕوو..بە نموونە قوربانی و شۆرشەکانی ناسیونالیزم و ئیعترازەکانی خەلکی کریکارو زەحمەتکیش.. تا دەگاتە سات و سەودای سەرکردایەتی پارتە سیاسیەکان لەگەڵ رژێمە جیاجیاکاندا...هتد.
دوای هەموو ئەمانە دەبێ بەرەنجامی باسە ئەکادیمیەکە دەبێ وەلام بە پرسیارە سەرەکیەکە بێت. نەک هەر لەباری ئۆپراسیۆن بەلکو لە باری تاکتیک و ستراتیژدا..
بە کورتی نووسەری باش وەکو ژنێکی بە نازە تا خۆشەویستەکەی دەباتە سەر تەختی نوستن هەموو گیانی دەبێ بهێنێتە جۆش.یانی دەبێ خوێنەر تا دوا ووشە کێش بکات
بەلام کوا ئەم نوسەرانە، مەگەر نوسەرو فەیلەسوفە کلاسیکەکان وابن. یان نموونەی نوسەرانی رۆژهەلات رۆماننووسانی وەک یەشار کەمال و عەزیز نسین..

بە کورتی مۆدێلی لێکۆلینەوە، مۆدیلیلێکە لە شێوەی سپرینگ دایە بە ئاراستەی سەرەوەوخوارەوە لە بزوتنەوە دایە. یانی هەردەم لە گۆران و ئالوگۆردایە..یانی دینامیکیە..
نوسەر دەبێ ئاگاداری گشت نوسینەکانی بێ، نەک هەلبەزین و دابەزین لە نوسینەکانی هەبێ. یان هەر رۆژێ شتی بلێ..
بۆ زانیاری نوسەران هەر نوسەرێ خوێنەری خۆی هەیە..

نوسەران دەبێ زۆر هۆشیارانە مامەلە لەگەل هەست و نەستی خوینەران بکەن.
لیرەدا هەنگاوێ لەیەک نزیک دەبینەوە ئەگەر لە یەک حالێ بووین..
شکل و شێوە لە بنەمای ئەسلی و سەرخەتی گشتی نوسیندا دەتوانێ وەلامێکی باش بە پرسیاری سەرەکی بداتەوە..
چۆنیەتی پرسیار کردن و دانانی پرسیار خۆی هونەرە بۆیە هەر نوسەرێ جۆرێ لە مەنهەجیەتی هەیە...

## نموونەی مۆدیلی لێکۆلینەوە:

**هەنگاوی یەکەم:**

وەزعی گشتی..باسەکە

**هەنگاوی دووەم:**

پرسیاری سەرەکی گرفتەکە کە نوسەر دەیەوێ چارەسەری بکات.

**هەنگاوی سێ یەم:**

پێناسەی واتاکانی پرسیاری گشتی

**هەنگاوی چوارەم:**

نوسەر دەبێ لە پەیوەندیەکان لە نێوان سەرخەتی گشتی و پرسیاری سەرەکی بگەرێ.

**هەنگاوی پێنجەم:**

دەبێ نوسەر پەیوەندیەکان دیاری بکات.

**هەنگاوی شەشەم:**

نوسەر دەبێ دەست بە لێکۆلینەوەکەی بکات..یانی بۆ چوونی کەسایەتی خۆی بخاتە روو.

**هەنگاوی هەفتەم:**

نوسەر دەبێ میسۆدەی لێکۆلینەوە بەکاربهێنی بۆ وەلام بە پرسیارە لاوەکیەکانی لێکۆلینەوە.

**هەنگاوی هەشتەم:**

نوسەر هەموو زانیاریەکان کۆدەکاتەوە بۆ وەلام بە پرسیارە سەرەکیەکەی باسەکە.

**هەنگاوی نۆیەم:**

نوسەر هەموو زانیاریەکان کۆدەکاتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان

**هەنگاوی دەیەم:**

نوسەر ئامانج و بەرەنجامەکان کۆ دەکاتەوە و بە پرسیاری سەرکی دەبەستیتەوە.

**هەنگاوی یانزەهەم:**

نوسەر بەرەنجام دەبەستیتەوە بە وەزعی مەوجود و ئالوگۆر بدەن بە وەزعە مەوجود بۆ وەزعێ کە نوسەر داوای دەکات یان خوازیاریەتی..

( سەرچاوە:
Onderzoek methode P. 135 H. van Bommel & Nel Wageningen Saxion Hogeschool Deventer TOM Opleiding 2005).